خوێنەرانی هێژای کوردستان نێت. .

لە ژمارەی ئەمڕۆدا چەند بابەتێک لە هەردوو ڕۆژنامەی "وەتەن و تەرجومان"ی تورکی وەردەگرین و دەخەینە بەردیدەی ئێوە. ئێمە بابەتەکان وەکو خۆی وەردەگێڕین و بڵاویان دەکەینەوە، بەڵام ئێوە خۆتان دەتوانن سەرنج بدەن کە لە چاپەمەنی تورکدا چۆن ڕاستیەکان ئاوەژوو دەکرێنەوە.

کوردستان نێت

---

# گەشتێک بە ڕۆژنامەکانی تورکیادا (١)

ئا: بەکر شوانی
bschwani@hotmail.com

ڕۆژنامەی "وەتەن" لە وتارێکدا بە ناونیشانی "حسابی مالیەت" کە لە ژمارەی ڕۆژی ٢٠٠٣/٢/٢٥ دا بڵاوکراوەتەوە، دەنوسێ:

(بۆچی پێویستە بەرەی باکوری عێراق بکرێتەوە؟ گەیشتنی سەربازەکانی ئەمەریکا بە عێراق لە ڕێی تورکیاوە لە بەرژەوەندی کێدایە؟ ئەوانەی کە دەیانەوێ بە هەر نرخێک بووە تورکیا لە دەرەوەی شەڕ بمێنێتەوە، پێویستە نیازی پەرەسەندووی کوردەکان و هەوەسیەکانیان لەبەرچاو بگرن و سەرلەنوێ هەڵوێستی خۆیان هەڵبسەنگێننەوە.

سەرانی کوردەکانی عێراق کە نایانەوێ سەربازی تورک لە باکوری عێراقدا ببینن، گوتەی "ئەگەر بێن، شەڕ دەقەومێ"یان پێوەنا و بەمەش ڕەگەزی هەڕەشەیان بۆ مەسەلەکە زیاد کرد.

زۆر ئاشکرایە کوردەکان دەیانەوێ لەناو تەپوتۆزی ئەو شەڕەدا کە کۆتایی بە سەدام دێنێ، لەسەر ڕێگای دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ هەنگاوی گەورە بهاوێژن.

هێزگەلێکی دەرەکیش هەن کە لەمبارەیەوە ئومێد بە کوردەکان دەبەخشن و بوێریان دەخەنە بەر.

سەرۆکوەزیری پێشوی ڕوسیا یەڤگینی پریماکۆڤ کە بەم دوایە بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکێکی نهێنی چووە بەغداد، پێویستە تێبینی ئەو لێدوانەی بکرێ کە دای بە ڕۆژنامەی حوریەت و تێیدا وتی "کەس ناتوانێ گەرانتی ئەوە بدات کە لە دوای شەڕ عێراق پارچە نابێت." )

ڕۆژنامەی "تەرجومان" لە لاپەڕە ٩ی ژمارەی ڕۆژی ٢٠٠٣/٢/٢٦دا بە مانشێتی گەورە لە زمانی ئۆرهان کەتەنەی نوێنەری بەناو بەرەی تورکمانی لە واشنتۆن، دەنوسێ:

ئەگەر دەوڵەتی کوردی دابمەزرێ، ئەوا باشوری ڕۆژهەڵات لە ١٥ ساڵاندا لەدەست دەچێت.

لە درێژەی هەواڵەکەدا هاتووە:

(ئۆرهان کەتەنە نوێنەری بەرەی تورکمانی عێراق لە واشنتۆن بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئەگەر لە باکوری عێراق دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێ، ئەوا لەوانەیە تورکیا لەماوەی ١٥ ساڵاندا باشوری

ڕۆژهەڵات لەدەست بدات و وتی"پێویستە سوپای تورک پاراستنی ئاسایشی هەرێمەکە بگرێتە ئەستۆی خۆی. "

کەتەنە ئاماژەی دا کە نەخشە دارێژراوە بۆ ئەوەی کوردە مەدەنیەکانی بەرەچەڵەک شیعە ئەوانەی بۆ ئێران دەرکرابوون، لەدوای ڕوخاندنی سەدام خسێن، ڕوو لە شارەکانی کەرکوک و موسڵ بکەن. هەروەها وتی: ئەم گروپە کە لە ١٠٠ هەزار ژن و منداڵ و بەساڵاچوو پێک دێن و بە "ئاوارەکان" ناسراون، لە چادرەکاندا چاوەڕێی گەڕانەوە دەکەن. ئەوەیشی وت کە نەخشەیەک بەدەستەوەیە بۆ ئەوەی بەڵگەنامەی سەختە بەو کەسانە بدرێ تا لەو ڕێیەوە ڕووی دیمۆگرافیانەی ئەو شارانە بگۆڕدرێ کە خاوەن زۆرینەیەکی تورکمانن. بەم جۆرە دەوڵەتی کوردی دادەمەزرێ و تورکیاش لەماوەی کەمتر لە ١٥ ساڵاندا باشوری ڕۆژهەڵات لەدەست دەدات. کەتەنە وتی تورکمانەکان ئۆتۆنۆمیان دەوێت و لەدژی فیدرالین و خاوەن سەرزەمینێک نین کە دەوڵەتی جودای تێدا دابمەزرێنن و ناشیانەوێ لەژێر ڕکێفی عەرەب و کورددا بن. هەروەها وتی: کوردەکانی عێراق سەودای "کوردستانی گەورە" کەوتۆتە سەریان.)

هەمان ڕۆژنامە لە هەمان لاپەڕەدا لە هەواڵێکدا سەبارەت بە ناڕازی بوونی پەرلەمانی کوردستان لەدژی هاتنی سوپای تورک بۆ کوردستان، دەنوسێ:

(کوردەکانی باکوری عێراق کە تەنانەت لەناوی سەربازی تورکیش دەترسن، شڵەژان و داوای هاوکاریان لە ئەمەریکا کرد.)